هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری کشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ دەرچووە

گەڵ
Rojî Gel

ژمارە (٢٠٢) یەکشەممە ١٠-٢-٢٠٠٨

٥ سەربازی دیکەی ئەمریکی دەکوژرێن

دوێنێ شەممە ٩-٢-٢٠٠٨ هێزەکانی ئەمریکا جێگیر لە عێراق هەواڵی کوژرانی پێنج سەربازی خۆی بڵاوکردەوە.
سوپای ئەمریکا ئاشکرای کردووە کە چوار لەسەربازەکانی لە باکوری بەغداد بەهۆی تەقینی مینەوە گیانیان لەدەست داوە،
بەگوێرەی زانیاریەکان لەم مانگەدا سێزدە سەربازی ئەمریکی لە عێراق کوژراون، ئەمەش نیشانەی شکست دەگەیەنێ

3 دەیانەوێ بەرەی تورکمانی لەسەر شانۆی عێراقی رەنگی هەبێ

4 سەبارەت بە ماددەی ١٤٠، رۆژی گەل تووڕیی کەرکوکیەکان دەنووسێتەوە

7 گەورەیی بێدەنگی لای چارلی چاپلن

هاوپەیمانی کوردستان بەمەرجی بودجە پشتیوانی لە مالکی دەکات

ئاسایشی سوریا هونەرمەندێکی ٧١ ساڵانەی کورد شوێنبزر دەکات

بەگوێرەی زانیاریەکان ماوەی ٢١ رۆژە هونەرمەند **عەلی چەتۆ** لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سوریاوە دەستگیرکراوە، بنەماڵەکەشی هیچ هەواڵی زیاتر نازانن.
زانراوە کە ماوەیەک لەمەوبەر شاندێکی هونەرمەندانی باشووری کوردستان چووبوونە سوریاو سەردانی ماڵی ئەو هونەرمەندەیان لە شاری حەلەب دا کردبوو، دواتر هێزکانی ئاسایش هەڵیانکوتابووە سەر ماڵەکەی و ئەو هونەمەندەیان قۆڵبەست کردبوو، هۆکارەکەشی بۆ دیداری ئەو شانده دەگەڕێتەوە کە لەباشووری کوردستانەوە چووبوون.
بەگوێرەی زانیاریەکان دوای ئەوەی ئاسایش عەلی چەتۆ دەبن و چەند پرسیارێکی لێدەکەن، دواتر رەوانەی دیمەشقی دەکەن کە تا ئێستا هیچ هەواڵێکی دیکەی نیەو ناشزاندرێ لە کوێ زیندانی کراوە.
جێگەی ئاماژەیە کە عەلی چەتۆ هونەرمەندێکی ناودارە، بە گۆرانی شێخ سەعید ناسراوە تەمەنی ٧١ ساڵانە، بەدەست نەخۆشیەوە دەناڵێنێ و توانای گۆرانی گوتنی نەماوە، بە ماوەی ٢١ رۆژە بێسەرو شوێنە.

حکومەتی بەغداد دانوستاندن لەگەڵ بەعس دەکات

ئەکرەم ئەلحەکیم وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دانوستاندنی نیشتمانی ئاشکرای کردووە کە حکومەتی عێراق دانوستاندن لەگەڵ ئەو گروپانەشدا دەکات کە دژی حکومەت دەجەنگن، کە زۆربەی ئەو گروپانەش سەر بە حزبی بەعسن.
ئەکرەم گفتوگۆی نێوان حکومەت و نەیارانی بە کارێکی سەرکەوتوو لە قەڵەمداوەو رایگەیاندووە لەساڵی ٢٠٠٦ەوە هەنگاوی دانوستاندن لەگەڵ نەیارانی حکومەت دەستی پێکردووە، سەرەتا لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان کە دواتر ئەنجوومەنەکانی رابوونی لێکەوتەوە. ئێستاش حکومەتی بەغداد دانوستاندن لەگەڵ گروپە چەکدارەکان بە گرنگ و پێویست دەزانێ و هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێتەوە.
ئەکرەم ئاشکرای کردووە کە هەندێک گروپی چەکدار وێڕای ئەوەی کە ئامادەیی دانوستاندنیان هەیە، بەڵام بەبیانۆی ئەوی کە عێراق داگیرکراوە دژی هێزەکانی ئەمریکا دەجەنگن، تا ئێستاش ئامادەنین چەک دابنێن.
ئەکرەم روونی کردۆتەوە کە ١٥ گروپی چەکداری نەیار لە عێراقدا هەن، ٥ لەوان کاریگەریان هەیە و لەلایەن ئەفسەرانی پێشووی سوپای عێراقەوە سەرکردایەتی دەکرێن و سەر بە حزبی بەعسن، هەروەها پردی دانوستاندن لەگەڵ ئەوان دروست بووە.
ئەکرەم جەختی کردۆتەوە کە ئەو گروپانە مەرجی تایبەتی خۆیان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت هەیە، هەندێکیان دەیانەوێ راستەوخۆ دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکیەکان بکرێ، هەندێکیشیان پێیانوایە جارێ با ئاگربڕ رابگەیەندرێ، دواتر هەنگاوی کردەیی هەڵبگیرێتەوەو داخوازیەکان گفتوگۆیان لەسەر بکرێ.
ئەکرەم رایگەیاندووە کە دانوستاندنی راستەوخۆ لەنێوان حزبی بەعس و حکومەتی بەغداد نیە، بەڵام لەرێگەی رایەڵەو پێناوەکانەوە راگۆڕینە هەیە، پەروەندەی حزبی بەعسیش لەنێو پەروەندەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دایە، بەڵام دەوڵەتانی دراوسێ کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر ئارامکردنەوەی عێراق دا هەیە.

سەرچاوە: الشرق الاوسط

رۆژی هەینی رابردوو، رۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمز نووسی بووی کە ژمارەیەک لایەنی بەشداربووی کابینەی نوری مالکی هەرەشەی خۆ کشاندنەوەیان کردووە، ئەگەر حکومەتی خۆی ئەکتیڤ نەکات و بۆ چاکسازی هەنگاو هەڵنەگرێتەوەو تاکڕەوی لە بڕیارەکانیدا بکات.
هەر لەم پێوەندەدا سەرچاوەکان دووپات دەکەنەوە کە تەنیا ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم لە رەفتارو شێوازی حکومەت ناڕازییەو مەرجی چاکسازی هەیە، دەنا هەرچی هاوپەیمانی کوردستانە جەخت لەسەر پشتیوانی نوری مالکی دەکاتەوە، ئێستا کەلەلایەن هەندێک پەرلەمانتاری عێراقییەوە کەمکردنەوەی رێژەی ١٧% هاتۆتە رۆژەوقەوە، لیستی هاوپەیمانی کوردستانی پەسند کردنی ئەو رێژەیەی بە مەرجی بەشداریکردن لە کابینەی مالکی و پشتیوانی لێکردنی دادەنێ.
هەرچەندە کە رێزدار بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا جەختی کردبۆوە کە رێژەی ١٧% رێککەوتنێکی سیاسیە، تا ئامارو سەرژمێرکردنی گشتی دەبێ کاری پێبکرێ.
چاودێران مەرجی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەلاواز و بەرژەوەندخوازی دادەنێن، پێیانوایە کە دەبێ لیستی هاوپەیمانی کوردستان پێداگری لەسەر گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکاندا بکات و خۆی بۆ سەرخستنی کێشەی کوردستان خەریک بکات.
سەرچاوەیەک کە نەیوست ناوی ئاشکرا بکرێ، بە رۆژی گەلی راگەیاند کە ئەگەر رێژەی بودجەش کەمبکرێتەوە، هێشتا هاوپەیمانی کوردستان لە حکومەتی بەغداد پاشەکەشەناکات.

WHO: رۆژانە ٣٤ کەسی سڤیل لە عێراق دەکوژرێن

رێکخراوی لەش ساغی جیهانی WHO لە دوایین لێکۆڵینەوەدا ئاشکرای کردووە کە رۆژانە لانی کەم ٣٤ عێراقی سڤیل دەکوژرێن.
بەگوێرەی ئەو سەرژمێری و زانیاریانەی کە دەست رێکخراوەکە کەوتووە، دەردەکەوێ کە لەماوەی مانگی ئازاری ٢٠٠٣ تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٦ زیارت لە ١٥٠ هەزار عێراقی کوژراون، ئەمەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەسەر دەستی هێزەکانی ئەمریکاو لەئاکامی توندوتیژیەکانەوە گیانیان لەدەست داوە.
لێکۆڵینەوەکە پشتی بەو زانیاریانە بەستووە کە لە ئاکامی چاوپێکەوتنی مەیدانی لەگەڵ زیاتر لە نۆ هەزار خێزانی عێراقی دەستی کەوتووە، بەڵام پسپۆڕێکی رێکخراوی لەش ساغی جیهانی ئەم ژمارەیە بە راست نازانێ و پێیوایە کە ژمارەی کوژرانی عێراقیەکان زۆر لەوە زیاترە، چونکە رۆژانە بەدەیان تەرمی نەناسراو بە کوژراوی دەدۆزرێنەوەو بەبێ خاوەن گۆڕ دەکرێن. هاوکات رێکخراوی مافی مرۆڤ پێیوایە کە رۆژانە بەلانی کەم ١٠٠ کەس دەکوژرێن، چونکە مانگی وا هەبووە خودی حکومەتی عێراق کوژرانی سێ هەزار کەسی ئاشکراکردووە، ئەمەش بە کارەساتبار دادەنرێ و داوا دەکرێ لێکۆڵینەوەی زیاتری بۆ بکرێ.

کۆمکار نامەیەک بۆ ئەردۆگان دەنێرێ

بەرێوەبەری ناوەندی یەکێتی کۆمەڵەکانی کوردستانی "**کۆمکار**" رۆژی ٧ی ئەم مانگە سەبارەت بە پرسی کورد نامەیەکی بۆ **تەیب رەجەب ئەردۆگان** سەرۆکوەزیرانی تورکیا رەوانە کردووە، ئاماژەی بەوە داوە کە کێشەی کورد پێوەندی بە ئاسایش و تیرۆرەوە نیە، پێشتر خۆشتان لە وتارێکدا لە شاری ئامەد گوتبووتان کە پرسێکی سیاسی و چاندی و ئابوورییە.
کۆمکار لە نامەکەیدا دەنووسێ:" کەمالیزم نەک کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو ئاڵۆزو قورستریان دەکات. پرنسیپی یەک دەوڵەت، یەک ئاڵا، یەک نەتەوە، لەگەڵ رەوشی تورکیادا نایەتەوە، چونکە لەتورکیا گەلێک گروپی ئایینی و نەتەوەیی جیاواز هەن، بۆیە چارەسەرکردنی پرسی کورد بە پرنسیپی یەک دەوڵەت، یەک ئاڵا و یەک نەتەوە چارەسەر نابێ، بەداخەوە لەگەڵ قسەکانی تۆ یەکتر ناگرێتەوە کە پێشتر کێشەکەت وەکو پرسی کورد دەست نیشان کردبوو"
کۆمکار ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێستا لە ئەڵمانیادا نزیکەی یەک ملیۆن کورد دەژین، بۆیە سیاسەتی توندوتیژی و چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد کاریگەری نەرێنی لە سەرانسەری ئەوروپا داناوە، هەروەها ناکۆکی لەنێوان کوردو تورک لە ئەوروپا بۆتە مەترسی لەسەر ئاشتی و هێمنایەتی ئەوروپا پێکهێناوە.
کۆمکار لە نامەکەیدا ئاماژەی بە بۆردومانکردنی گوندو ئاواییەکانی باشووری کوردستان کردووەو لێی خواستووە کە ئیتر هەڕەشە لە باشووری کوردستان نەکات، پێشنیاریشی بۆ کردووە تا پێوەندی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری لەگەڵ گرێ بدات.
لەکۆتاییدا کۆمکار جەختی کردۆتەوە کە کێشەی کورد پرسێکی نەتەوەییە، لە سەرتاسەری جیهانیش پرسەکانی نەتەوەیی بە ناساندنی مافەکانی نەتەوەیی چارەسەرکراون.
جێگەی ئاماژەیە کە کۆمکار. یەکێتی نێوان کۆمەڵە کوردستانیەکانی وڵاتی ئەڵمانیانە، رێکخراوێکی کاراو چالاکە، لەسەر ئاستی ئەڵمانیاو ئەورووپادا ناسراوە، دەیان هەزار ئەندامی هەیە. چاودێران ناردنی ئەو نامەیە بە خاڵی وەرچەرخان لە سیاسەتی باکوری کوردستان لێکدەدەنەوە، بەڵام بە دووری دەزانن کە ئەردۆگان وەڵامی نامەکەی کۆمکار بداتەوە و گوێ لە خواستەکان بگرێ.

ریسوایی لەباڵیۆزخانەیەکی عێراق ئاشکرادەبێ

رۆژی ٥ شەممەی رابردوو، **ئەحمەد حبول** پارێزەری ناسراوی ئوردەنی بە رۆژنامەی بەیانی ئیماراتی راگەیاندووە کە ئەو ژنێکی وڵاتەکەی لەلایەن دیبلۆماتکارێکی عێراقی کە باڵیۆزخانەی عێراق لە عەممان کاردەکات دەسدرێژی سێکسی کراوەتە سەر.
ئەحمەد حبول کە ئێستا دۆسیەی ئەو ژنەی لە ئەستۆ گرتووە ئاشکرای کردووە و کە ئەو دیبلۆمتکارێکی عێراقی باڵیۆزخانەی عێراق لە ئوردەن رەوشی دەرونی ژنەکەی قۆزتۆتەوە، لەوە ئاگاداربووە کە تازە لە شووەکەی جیابۆتەوە، لە کاتێکدا کە شووەکەی پێشووی ئەو ژنە دیبلۆماتکارێکی دیکە عێراقیەو هاوڕێی ئەو کەسەیە کە دەستدرێژی کردۆتە سەر ژنە ئوردەنیەکە.
ئەحمەد حبول جەختی کردۆتەوە کە لە دادگەدا سکاڵا لەسەر تۆمەتبارەکە تۆمار کراوە، چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە دادگە رەوتی ئاسایی وەربگرێ، تۆمەتبارەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ و سزای خۆی وەربگرێ.
ئەگەرچی بەرپرسانی حکومەتی عێراق لە ناوەخۆ بەگەندەڵی دارایی تۆمەتبار دەکرێن، رۆژانە ناوی دەیان گەندەڵچی ئاشکرا دەکرێن و رووبەرووی لێپرسینەوە دەبنەوە، کەچی ئێستا دەردەکەوێ کە دیبلۆماتکارانی عێراق لە دەرەوە وێڕای گەندەڵی دارایی، لە بواری دیبلۆماسی و کۆمەڵایەتیش دا ریسوا دەکرێن و ناوبانگی خۆیان و وڵاتەکەیان زیاتر لەکەدار دەکەن. ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی ورد و زانستیانە هەیە.

بە داوای بووردن لە هونەرمەند، دەستکاری کراوە

رۆژەڤ

ئەگەر بە قسەی سەرچاوەکان بێ، ئێستا هەردوو لایەنی دەستەڵاتدار لیژنەیەکی تایبەتیان بۆ کەم کردنەوەی وەزارەتەکان پێکهێناوە و دەیانەوێ تێروانینی وردو گشتگیریان بکەن.
بەر لە پێکهێنانی کابینەی پێشوو، ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە کەمی ژمارەی وەزارەتەکان لەبەرژەوەندی گەل و زۆریشی لەبەرژەوەندی حزبەکان دا دێتەوە، دواتر زۆر راشکاوانە رەخنەمان لە کابینەی ٤٢ وەزارەتی گرت و بە دیارەیەکی ریزپەڕمان داناو هیوامان خواست کە لەزووترین کاتدا وەزارەتە لەتکراوەکان تێکەڵ بکرێنەوەو ژمارەی وەزارەتەکانیش کەم بکرێنەوە، بەڵام مخابن تا ئەمڕۆ وەکو خۆیان ماونەتەوە، جا بۆیە ئەگەر ئێستا بیر لە کەمکردنەوەی وەزارەتەکان کرابێتەوە، شتێکی باشە، بەڵام نابێ کەمکردنەوەی وەزارەتەکان بە خانەنشین کردنی وەزیرەکانی پێشوو تەواو ببێ، چونکە ئەگەر وەزارەتەکان کەمبکرێنەوەو وەزیرەکانیش بە مووچەی خۆیانەوە رەوانەی ماڵەوە بکرێنەوە، دیسانەوە بەزیانی گەل تەواو دەبێ.
لەلایەکی دیکەوە گەرەکە ئەمجارەیان پۆستی وەزارتەکان بە کەسانی لێهاتوو بسپێردرێن، ئەوانەی لە رابردوودا کەمتواناو بێ شیان بوونە دانەندرێنەوە، مەیلداری بۆ سەرکردەکانیش وەکو مەرجی دامەزراندنی وەزیرەکان لەبەرچاو نەگیرێ.
ئەگەر دەمانەوێ کابینەی ئەمجارە بەدەردی ئەوانەی پێشوو نەچێ، دەبێ هەموومان خۆمان بە خاوەنی دەستکەوتەکانی گەل بزانین، ئەوانەی فەرمانڕەوایەتی دەکەن و ئەوانەی رۆڵی چاودێرو ئۆپۆزیسیۆن دەبینن، دەبێ لێبڕاوانە لە پێناو بەرەوپێشەوە بردنی حکومەت کێبەرکێ بکەن، فەرمانڕەوا دڵسۆزانە کارنامە دابڕێژێ و پرۆژەی خزمەتگوزاری پێشکەش بە جەماوەر بکات، چاودێرو ئۆپۆزیسیۆنیش راستوێژانە قامک لەسەر کێماسیەکان دابنێ و بیانخاتەروو. ئەگەر هەردوولامان بەم لۆژیکە کاربکەین، نەک هەر دەستکەوتەکانی گەلەکەمان پارێزراو دەبن و کێشەو قەیرانەکان چارەسەر دەکرێن، بەڵکو هەنگاوی بەرچاو دەهاوێژین و جەماوەر لە سنووری نەهامەتی و دەردەسەری و نیگەرانی دەپەڕێندرێتەوە، دۆزی گەل و نیشتمانەکەشمان بەرەو سەرکەوتن دەبەین.
بۆ سەرخستنی کێشەی نیشتمانەکەمان، زۆر پێویستە حزبەکانی دیکەش سنووری بەرژەوەندی حزبیانە ببەزێنن، داوای پشک و زێدەماف نەکەن، ناشبێ لایەنە دەستەڵاتدارەکان و حکومەتیش بەشداریکردن لە حکومەت و رەخنەنەگرتن بکەن بە پیوەری پێدانی بودجەو ئازادی کارکردن.
رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیری و پیشەییەکان نوێنەرایەتی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکەن، ئەرک و مافیان هەیە، زۆر پێویستە بۆ راپەڕاندنی کارو چالاکیەکانیان بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێ، بەڵام بە ئەندازەیەک کە سامانی گەل بەفیڕۆ نەدرێ .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com